## هاوکار مستەفا:

# لە ئەزموونی مەملەکەتی مێروولەکان هەستم بە گەورەیی سینەما کرد

لە دوای راپەڕینەوە بە هۆی بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆری فیلمی سینەمایی و زۆربوونی هەوادارانی سینەماو کردنەوەی بەشی سینەما لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان چەندین هەوڵ دراوە بۆ دامەزراندنی رێکخراو و کۆمپانیاو کۆمەڵەی تایبەت بە سینەما بە ناونیشانی جیاواز، (هاوکار مستەفا عەبدوڵا)کە حەز و خولیایەکی زۆری بۆ دنیای سینەما هەیە، هەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی کە دەزگایەك دابمەزرێنێ تایبەت بێت بە بواری سینەما، لە ئەنجامدا رێکخراوی (گۆنا) ی ناحکومی دامەزراند و خەونەکەی هێنایەدی، ئەو گەنجە هونەردۆستە پێش ئەوەی روو بکاتە سینەما، میدیاکارێکی لێهاتوو بووە، بەڵام بەهۆی خۆشەویستی و هۆگرییەکەی بۆ سینەما وازی لەوە هێنا و خەونەو گەورەکەی کرد بە واقع، لێرەشدا وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.





*** ئامانجی سەرەکیت لە دامەزراندنی ڕێکخراوی (گۆنا) چی بووە؟**

- بەر لە هەموو شتێك بڕوادانە بە کارە هونەرییەکان، بەتایبەت فیلمی کوردی، کە خەونی هەموومانە لە ئاستێکی باڵادا ببیندرێت، هەرچەندە ڕابردوو شایەتحاڵی بەرهەمە سینەماییە کوردییەکانە، کە تا ئێستا خاوەنی چەندین خەڵاتی گەورە و دەستکەوتی مەزنن، کە بوونەتە مایەی شانازی ئێمە.

*** دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە چ کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر پێشکەوتنی سینەما دەبێت؟**

- ڕەنگە ببێتە سووچێك بۆ هاتنە پێشەوەی سەرمایەداران و پردی نێوان سینەما و کەرتی تایبەت، ئەگەر سەیری ئەزموونی سینەمای وڵاتانیش بکەین، دەبینین هەمیشە سەرمایەدار و کەرتی تایبەت لە پشت سینەماوەن، ئەمەش وایکردووە فیلمساز لە ڕێگەی بەرهەمەکانی خۆیەوە ژیانێکی خۆش بۆ خۆی فەراهەم بکات، نەك فیلمساز لێرە چاوەڕوانی مووچە بێت و چاوەڕوانی بودجە بێت لە حکوومەت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم.

*** ئێوە بێ بودجە دەتوانن چی پێشکەشی سینەما بکەن؟**

- ڕاستە ئێمە بودجەیەکی دیاریکراومان نییە، بەڵام وەك گوتم بەهۆی فراوانی پێوەندییەکانمان، هەوڵدەدەین کەرتی تایبەت بێنینە پێشەوە و پرۆژە و چالاکیی گەورە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان پێشکەش بکەین.

*** بیر لەوە دەکەنەوە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی ساز بکەن؟**

- بێگومان ئەوە پرۆژەی هەرە سەرەکیی ئێمەیە، کە دەمانەوێت فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ فیلم ساز بکەین، زۆرترین فیلمی ساڵی تێدا بەشدار بێت، بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی کە لەو ماوەیەدا بە خۆبەخشی لەدایك بوون و خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێببەخشین، بۆ ئەوەی ئەو فیلمسازە هەست بەوە بکات کە ماندووبوونەکەی بە خۆڕایی نەڕۆیشتووە، هەرچەندە ئەوان پێیانوایە کار بۆ نیشتمانێك دەکەن، نەك بۆ پارە و پووڵ.

*** کێ تۆی بە سینەما ئاشنا کرد؟**

- خۆشەیستیی زۆری مامۆستا (ناسر حەسەن، عەدنان عوسمان)، کە ئەوان قوتابخانەن بۆ سینەمای کوردی، وایان کرد من عەشقی ئەو بوارە بم و هەوڵ بدەم ئیدی ژیانم بۆ دنیای هونەر و سینەما تەرخان بکەم.

*** فیلمی مەملەکەتی مێروولەکان کە تێیدا بەشدار بووی، تا چەند بووە ئەزموونێکی نوێ لە ژیانتدا؟**

- نەك تەنیا ئەزموونێك، بەڵکو لەگەڵ وێنەگرتنی هەر گرتەیەکی ئەو بەرهەمە سینەماییە، کە لە ئاستێکی زۆر باڵادایە، هەستم بەوە دەکرد کە سینەما چەندە گەورەیە، بەتایبەت کە دەرهێنەرێکی وەك (عەدنان عوسمان) کاری لەسەر دەکردو چیرۆکی پڕ لە تاوان و بێڕەحمی چەتەکانی داعشی بە جیهان ئاشنا دەکرد، هەستم دەکرد لە پرۆسەیەکدا خۆم بینیووەتەوە پڕە لە خزمەت بۆ گەلەکەم، کە مەرج نییە ئێستا هەستی پێ بکرێت، بەڵکو فیلمی (مەملەکەتی مێروولەکان) دەبێتە باشترین بەڵگە بۆ مێژوو، کە تاوان و کارە قێزەونەکانی داعش دەخاتەڕوو، کە چۆن بەربووەتە گیانی پەپوولەئاساکان و کچە پاکیزەیەك کە هەزاران خەونی هەیە.

*** کار و پرۆژە سەرەتاییەکانی ڕێکخراوەکە چی دەبێت؟**

- پرۆژەی زۆرمان گەڵاڵە کردووە، بەڵام ئێستا هیچ بودجەیەکی نییە، بۆیە بیرمان لەوە کردووەتەوە هەفتەیەکی فیلمی کوردی ڕابگەیەنین کە ڕەنگە لە نێو هۆڵی چاکسازی نێوجەوانان، یاخود کەمپی ئاوارەکان بێت، بۆ ئەوەی لە ئازارەکانیان کەم بکەینەوە، چونکە دڵنیاین کە ئێستا ئەوان پێویستیی زۆریان بە بینینی فیلم هەیە.

*** ڕاگەیاندن تا چەند لە سەرکەوتنی سینەمادا ڕۆڵ دەبینێت؟**

- بەبێ ڕاگەیاندن، هیچ کاڵا و بەرهەمێك لە جیهان ناناسرێت، بگرە هیچ سەرکردەیەك ناتوانێت بەبێ ڕاگەیاندن خزمەت و پرۆژە تازەکانی بگەیێنێتە گەلەکەی، ئەگەر میدیا هاوکار نەبێت لە ڕووماڵکردنی، بۆیە سینەماش بەدەر نییە لە پێویستی خۆی بۆ ڕاگەیاندن، چونکە ئەگەر وای دانێین بەرهەمەکەی ئێمە تا بڵێی پێشکەوتووە، بەڵام کە نەگەیشت بە خەڵك، واتە ئێمە هیچمان پێشکەش نەکرد، لە هەر بوار و شوێنێکیشدا میدیات لەگەڵ نەبێت، بێگومان پرۆژەکەت وەك خۆی بە خەڵك ناگات.

*** ڕوو لە کوێ دەکەن بۆ ئەوەی هاوکارتان بێت؟**

- ئێمە پێویستیمان بە پشتیوانی زۆر دەبێت، بەتایبەت حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەرج نییە کە بۆ پارە هاوکار بێت، بەڵکو پێویستیمان بە هاوکاری مەعنەوی ئەوان هەیە، بۆ ئەوەی ڕێگە بە پرۆژەکانمان بدات و هاوکار بێت لە هێنانە پێشەوەی سەرمایەداران و سپۆنسەری کردنی کار و پرۆژەکانمان، کە ئەمەش دووبارە خزمەتێکی گەورەیە بە دنیای سینەما، کە خەونی لە مێژیینەی هەموانە.



## نیان عەبدوڵڵا:

# بڕیارم داوە ئەمساڵ بەرهەمی زیاتر پێشکەش بکەم

**خاتوو نیان عەبدوڵا ماوەی نزیکەی بیست ساڵ دەبێت لە بواری گۆرانی و موزیکدا بوونی هەیە و تا ئێستا چەندین بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، جگە لە شێوەزاری سۆرانی بە بادینیش گۆرانی گوتووە، لەم دیمانەیەدا خاتوو نیان وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوە.**



*** لە تەمەنی منداڵی چۆن بووی؟**

-من کەسێکی لەسەرخۆ بووم، ئەمەش لە دایك و باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، بەتایبەتی دایکم، ئەو هێمنی و لەسەرخۆبوونەم لە منداڵییەوە وایکرد کە مافم زۆر دەخورا و داواشم نەدەکردەوە و بە گریانەوە دەگەڕامەوە لای دایکم، ئەویش پێی دەگوتم مەهێڵە مافت بخورێ، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە مافی خوراوە، بەڵام من بە تێپەڕبوونی کات مافی خۆم وەردەگرت.

*** بەر لەوەی روو لە گۆرانی بکەیت، ئارەزووی شێوەکاریت هەبووە چۆن بوو رووت لە گۆرانی کرد؟**

- هەر کەسێك کە وێنەیەك دەکێشێت ئەوا ناخی خۆی نیشان دەدات، وێنەی خۆم بەو شێوەیە دەکێشا کە بمەوێ چۆن بم و هەمووی رەنگدانەوەی ناخی خۆم بوون، زۆر جار کە وێنەم دەکێشا مامۆستا نیشانی کچە قوتابییەکانی دەدا و دەیگوت سەیر کەن سەرەڕای ئەوەی نیان هێمنە ئەم وێنە جوانانەی کێشاوە، ئەمەش وای دەکرد بەشێك لە قوتابییەکانم هەرەشەم لێ بکەن.

*** هەر بەو هێمنی و بێدەنگییە مایەوە؟**

-نەخێر، تەواو پێچەوانە بۆوە، ئەو بێدەنگییەم زۆر شتی دیکەی لە خۆ گرت لە وێنەکێشان و گۆرانیوتن و لاسایی کردنەوەی گۆرانیبێژان و تەنانەت نواندنیشدا زۆر سەرکەوتوو بووم، خۆم لە ماڵەوە سازێکم دروست کردبوو، کە چەپڵەیان بۆ لێدەدام و رێزیان دەگرتم، شانازیم بەخۆوە دەکرد و

هەستم دەکرد کە بوونم هەیە، من کێم؟ من ئەو کەسە نیم کە قوتابییەکانم مافم دەخۆن ئەو کاتە هەستم کرد کە لە ناخی من بەهرەیەك هەیە و پێویستە بیجوڵێنم، کاتێك دەچوومەوە ماڵەوە بە گریانەوە بە دایکم دەگوت ئەمڕۆ دیاریم وەرگرتووە و چەپڵەیان بۆ لێداوم.

*** بە حوکمی ئەوەی باوکت مەلا بووەو بە هۆی کاریگەری دەوروبەری، دەڵێن لە سەرەتادا حەزی نەکردووە تۆ گۆرانی بڵێی،ئەو کاتە هەستت بە چی کردووە؟**

-ئەگەر باوکم حەزێکی هونەری نەبوایە، ڕەنگە ئەو حەزە لە منیشدا دروست نەدەبوو، باوکم خۆی کە لە بەغدا دەهاتەوە باسی نازم غەزالی دەکرد و زۆر حەزی لە دەنگی دەکرد و دەیگوت گۆرانیمان بە یەکەوە وتووە و بەرهەمی خۆی پێشکەش کردم، هەروەها گوێی لە دەنگی شەجەریان دەگرت، باوکم گوێی لە مانە دەگرت بۆ ئەوەی لە کاتی بانگداندا دەنگی باش بێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئێمە هەبوو بەتایبەتی براکانم، هەرچەندە باوکم مۆسیقا و گۆرانیی لێ قەدەغە کردبووین، بەڵام ئێمە هەر بەردەوام بووین بە نهێنی مۆسیقامان دەژەنی، من رووم نەدەهات بە ئاشکرا گۆرانی بڵێم تەنیا لە هەندێك بۆنەی خێزانی نەبێت گۆرانیم دەگوت، خاڵێکم (ڕەزای حەمەی شاعیر) گوتی دەبێ نیان ببێتە گۆرانیبێژ، لەگەڵ باوکم قسەی کرد گوتی نابێ و گۆرانی گوتن حەرامە، خاڵم پێی گوت ئەو کچە خاوەن بەهرەیەکی زۆرە و دەنگیشی خۆشە، براکانیشی رازین، منیش زۆر دڵگران بووم، چونکە ٥ ساڵ دواکەوتم لە گۆرانی وتن هەستم دەکرد کە باوکم لە ناخەوە حەز دەکات، بەڵام بەهۆی کاریگەریی دەروبەری رازی نەبوو تەنانەت رازی نەبوو من و براکانم بچینە پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش، تابلۆ و ئامێری مۆسیقا لە ماڵی ئێمە نەبوو ئەگەر هەشبا باوکم دەیشکاند، باوکم بە تەواوی دژی گۆرانی گوتنی من بوو، بەڵام رۆژێك لە رۆژان لێم زویر نەبوو و منی لە هەمووان زیاتر خۆشتر دەویست.

*** بۆچی پێش تەواوبوونی وادەی چارەسەرەکەت گەڕایەوە کوردستان؟**

- من قاچم وەستابوو و نەشتەرگەری ترم پێویست بوو، لەوێ پارەم لێ بڕا، پزیشکەکان توانییان ئەمە چارەسەر بکەن، بە جۆرێك بتوانم بڕۆم، بەڵام نەشتەرگەری ترم پێویست بوو کە پارەی زۆر زۆری دەویست، نەمتوانی ئەو نەشتەرگەرییە بکەم، چونکە پارەم لێ بڕا، بەڵام گەڕامەوە و ئێستا چارەسەر وەردەگرم هەرچەندە وا دەخوازێت کە بۆ ماوەی سێ ساڵ من هەر سێ مانگ جارێك پشکنین ئەنجام بدەم، بۆیە خۆم داوەتە دەست قەدەر و ورەشم زۆر زۆر بەرزە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی ئەسکەندەری هاوسەرم بکەم کە بەردەوام پاڵپشتم بووە و ورەمی بەرز کردووەتەوە و ئەگەر ئەو نەبوایە من دەمێکە لە ژیاندا نەمابووم، کە قژم رووتاوە زۆر خەمبار بوو، لەو ژوورەی بە یەکەوە بووین چووە دەرەوە، پاش ماوەیەك گەڕایەوە بینیم کە قژی سفر کردووە، بە گشتی هەموو خزم و کەسەکانم هاوکارییەکی زۆریان کردم.

*** کار و بەرهەمی نوێت چییە؟**

- هەست دەکەم توانام هەیە و تەندروستیم جێگیرە و دەتوانم کاری نوێ پێشکەش بکەم، بۆیە بڕیارمداوە ئەمساڵ نەوەستم و بیکەم بە ساڵی بەرهەمە هونەرییەکانم لە ئێستادا خەریکی بەرهەمێکم لەگەڵ کاك بڕیار رەشید کە تۆمارمان کردووە.

*** چ پەیامێکت بۆ ئەسکەندەری هاوسەرت هەیە ؟**

- ناتوانم بە هیچ وشەیەك گوزارشتی لێبکەم، لای من زۆر زۆر گەورەیە، لە رۆحم زیاتر خۆشم دەوێ، ئەو نەبێ، ژیانم نابێ.

*** لەگەڵ خواردنا چۆنی؟**

- زۆر زۆر حەز لە دروستکردنی خواردن دەکەم، بەتایبەتی خواردنی کوردەواری، لە هەر شوێنێك خواردنێك ببینم، هەوڵ دەدەم دروستی بکەم و زۆریش خۆم بە ئامادەکردنی خواردنەوە ماندوو دەکەم.

**هەر کەسێک کە وێنەیەک دەکێشێت ئەوا ناخی خۆی نیشان دەدات، وێنەی خۆم بەو شێوەیە دەکێشا کە بمەوێ چۆن بم و هەمووی ڕەنگدانەوەی ناخی خۆم بوون.**

**زۆر زۆر حەز لە دروستکردنی خواردن دەکەم، بەتایبەتی خواردنی کوردەواری، لە هەر شوێنێک خواردنێک ببینم، هەوڵ دەدەم دروستی بکەم و زۆریش خۆم بە ئامادەکردنی خواردنەوە ماندوو دەکەم.**



## سولین دڵپاک:
# له هونەردا ئافرەت قۆناغی زۆری بڕیوه

سولین دڵپاك یەكێكە لەو كچانەی ئافرەتانەی كە جگە لە بواری نواندن جێ پەنجەی دیارە و سەركەوتوو بووە و بەشداری لە ژمارەیەك فیلمی ئاست بەرزدا كردووە، لە هەمان كاتدا ئەندامێكی تیپی هونەرە میللییەكانی سلێمانییە.

سولین دەربارەی جیاوازی ڕۆڵی ئافرەتی كورد لە بواری هونەری دەڵێ: دیارە لە ساڵانی پێشوو بوونی ئافرەت لە بواری هونەری وەكو پێویستە نەبوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئافرەت قۆناغی زۆری بڕیوە، ئێمە دەزانین جاران ئافرەت نەیتوانیوە بچێتە سەر تەختەی شانۆ یان زۆر كەم بووە، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە ئافرەت بە ئازادی ڕوو لە بواری هونەر دەكات و بە جورئەتەوە ئەو بوارە هەڵدەبژێرێت كە حەزی لێدەكات و دەرگاكان لە بەردەمیان كراوەتەوە، هیوادارم دەرگاكان زیاتر بەرووی ئافرەتدا بكرێنەوە، چونكە كۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە ئافرەتی زیاتر هەیە لە بواری هونەر هەچەندە ئێستاش زۆرن.

سەبارەت بەو ئەكتەرانەی كە لە هەردوو بواری شانۆ و دراما و فیلمدا بەشداری دەكەن سولین دەڵێ: بۆ من ئاساییە كە لە هەرسێ بوارەكەدا كار بكەم، چونكە شانۆ و سینەما و دراما هەریەكەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە شانۆدا ئەكتەر ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی جەماوەر دەبێت، بەڵام لە فیلمدا حاڵەتەكە بەو شێوەیە نییە، بە گشتی نواندن هەر نواندنە و سەركەوتن تێیدا دەكەوێتە سەر توانا ئەو ئەكتەرە كە كاراكتەرەكە بەرجەستە دەكات و تا چەند دەتوانێت ئەو پەیامەی كە دەرهێنەر یان نووسەر دەیەوێ بیگەیەنێتە بینەر لە ڕێگای نواندنەكەیەوە.



# جیم كاری: وەرچەرخانێک لە ژیانمدا ڕوویداوە

دوای ماوەیەكی زۆر لە دووركەوتنەوەی لە میدیاكان، ئەستێرەی سینەمایی و كۆمیدیی هۆڵیۆد جیم كاری جارێكی دی دەركەوتەوە لە بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی لەگەڵ میدیاكاری ناسراو جیمی كیمیل و تێیدا باسی چەند لایەنێكی ژیانی خۆی لە ماوەی ڕابردوودا كرد.

سەرەتا دەربارەی دووركەوتنەوەی بۆ ماوەیەكی زۆر ر جیم كاریی تەمەن ٥٣ ساڵ وتی: لە ماوەی ڕابردوودا هەڵسەنگاندنێكی ژیانی خۆم دەكرد وەك یەكێك لە ئەستێرە ناسراوەكان و كاریگەری هۆڵیۆد لەسەر ژیانی تایبەتیم، ژیان زۆر جوانە بەتایبەتی كاتێك لێی دوور كەتمەوە، من وا ڕاهاتووم كە جیم كاری بم ئەو كەسایەتییە گەورە و بەختەوەرە، بەڵام لە ئێستادا وا نیم، بەڵكو بوومەتە كەسێك كە دەناڵێنێ و هەست دەكەم من پیاوێكم بە دەست هەموو جیهانەوە دەناڵێنم و هەموو جیهان بە دەست منەوە دەناڵێنێ، بۆیە وەرچەرخانێك لە ژیانمدا ڕوویداوە.

سەبارەت بە ریشە درێژەكەی جیم كاری وتی: بۆ هەر شوێنێك بچم ئەو پرسیارەم لێدەكەن، تەنانەت كە دەمبینن ئاگایان لە من نامێنێت و ناتوانن بیر لە هیچ شتێكی دیكە بكەنەوە جگە لە ریشەكەی من، وای لێهات ئەو لە من ناسراوتر بوو، پێموایە ئەگەر وا بڕوات خۆی دەپاڵێوێت بۆ سەرۆكایەتی ئەمریكا.



# هێڤی دژ بە بازرگانیکردنی هونەرە

لە رۆژئاوای کوردستان چەندین هونەرمەند لە بوارە جیاجیاکان دەرکەوتوون بەتایبەت لە بواری گۆرانی و موزیك کە جێ پەنجەیان دیارە یەکێك لەوانە خانمە هونەرمەندا هێڤی موراد کە خاوەن دەنگێکی خۆش و بەهرەیەکی هونەری زۆرە.

لە لێدوانێکدا دەربارەی مەرجەکانی سەرکەوتنی هونەرمەند لە ئێستادا دەڵێ: مەرجی سەرەکی ئەوەیە دەنگێکی خۆشی هەبێت، هەروەها لە هونەر بگات و لەرووی هونەرییەوە خوێندبێتی بەشێوەی ئەکادیمی، جگە لەمانە مەرجی سەرکەوتنی هونەرمەندان بە گشتی ئەوەیە کە کۆمپانیای هونەری و کەناڵی هونەری هەبێت بۆ ئەوەی پاڵپشتی هونەرمەندان بکرێت.

سەبارەت بە بازرگانیکردنی هونەر دەڵێ: من لەگەڵ ئەوە نیم کە هونەری کوردی زۆر بەرەو بە بازرگانی بچێت، ئاساییە ئەگەر لەم بوارەوە هونەرمەندان بتوانن پێشکەوتنێکی بەدەست بهێنن، بەڵام ئەگەر هونەری کوردی بە گشتی بە بازرگانی بکرێت رەنگە ئەو رەسەنایەتی و ناوبانگەی هەیە لە دەست بدات، هەرچەندە تا ئێستا کاری هونەری هۆکارێك نەبووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، ئەوەی منی بە گۆرانی بەستەوە بەهرە و خوێندنی بواری هونەری بووە و باوەڕ ناکەم لە داهاتووشدا بەو شێوەیە کاری هونەری ئەنجام بدەم.